# راپۆرتی پاتریۆس- کرۆکەر و کورد و ئەمریکا لە گێژاوی عیراقدا....

سەدیق سالح عەزیز
goran954@hotmail.com



بارودۆخی عیراق ئەوەندە ئالۆز بووە کە نە ئەمریکاییەکان و نە عیراقیەکان بە کوردستانیشەوە نازانن چۆن چارەسەریەکی گونجاوی بۆ بدۆزنەوە. هەر لە سەرەتای روخانی رژێمەوە لە بەهاری 2003 عیراقیەکان کۆنگرەو کۆنفرانس و کۆبوونەوەی نێودەولەتی و ناوچەیی و عیراقی نەما نەیکەن، گفتوگۆی ماراسۆنیش هەر درێژەی هەیە. تا ئێستا چەندین رێککەوتن کراوە ، نزیکترینیان ئەو رێککەوتنە چوار قۆلی و پاشان رێککەوتنی پێنج قۆلی نێوان پێکهاتە سەرەکیەکانی کوردو شیعەو سوننەیە، کەچی عیراقیەکان هێشتا نەگەیشتوونەتە دەرەنجامێکی ئەوتۆ کە بە باشی لە نێوان خۆیان رێککەون و ئەمریکاش لێیان رازی بێت.

ئەو هێزو لایەنانە تەخسیریان لەوەش نەکردووە بە چەکی جۆراو جۆر یەکتری ببەزێنن، بە کۆمەل کوشتن لەسەر هەویە، کۆچ پێکردن، خۆ تەقاندنەوە، مزگەوت و شوێنی پیرۆز تەقاندنەوە نەما نەیکەن، لە ئەنجامدا هیچ لایەنێکیشیان بە تەنیا نەیان توانی و ناتوانن لانی کەم لە مەودای نزیکدا لایەنەکەی تر کەنارگیر بکا یا لەناوبەرێ یان کۆنترۆلی هەموو عیراق بکا.

هەر لە سەرەتای پرۆسەکەوە تا ئێستا ئیدارەی جۆرج بووش چەندین گۆرانکاری لە ئیدارەکەی کردووە لەوانە گۆرینی وەزیری بەرگری و وەزیری دەرەوە، کە یەکێکیان بە بازو ئەویتریان بە کۆتری ناو ئیدارەکە ناوزەد دەکران. هەروەها گۆرینی فەرماندەی گشتی مارینز لە عیراق وسەفیرەکانی هەر لە بریمەرو خەلیلزاد وتا دەگاتە کرۆکەری ئێستا.

پلانەکانیشیان هەر جێگر نەبووە هەر ماوەی بە شێوەیەک رەفتاریان کردووە. سەرەتا بە ناوی ئازادکردنی عیراق دەستیان بە پرۆسەی رزگارکردن کرد پاشان هەر بە پێشنیاری خۆیان بریارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچوو خۆیان کرد بە داگیرکەر، دوایی بە بریارێکی تر خۆیان کرد بە هێزی فرە رەگەز. لەم مانگەی رابردووش هەر بە پێشنیاری ئەمریکا بریارێک لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچوو بۆ زیادکردنی دەوری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراقدا. لەوە دەچێ ئەوە سەرەتایەک بێت کە بیانەوێ بارگرانی ئەم بارودۆخەی عێراق ووردە ووردە لەسەرشانی خۆیان لابەن و بیخەنە سەر شانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

لە پال ئەمانەشدا بەردەوام هەلسەنگاندنی دەوریان کردووە کە بەناوبانگترینیان پێشکەشکردنی راپۆرتی بێکەر– هاملتۆن لە سەرەتای ئەمسال و هەروەها ئەم راپۆرتەی کەوا بە نیازن لە ناوەراستی ئەم مانگە بەناوی پاتریۆس– کرۆکەر پێشکەشی ئیدارەی بووشی بکەن. گێنەرال پاتریۆس سەرکردەی سوپای ئەمریکایە و کرۆکەریش سەفیری ئەمریکایە لە عیراق.

ئاشکرایە ئیدارەی بوش دەیەوێ هەرچی زووە کارێکی وەها بکات نەختێک لە بارگرانی ئیدارەکەی و حیزبی جەمهوری سووک بکا. بۆیە دەیەوێ هەندێ پێشڤەچوون ئەنجام بدا بۆ ئەوەی بتوانێ دەمکوتی دیموکراتەکان بکاتەوە لە ناو کۆنگرێس کە زۆرینەن لە ناوی دا، ئەمەو رای خەلکی ئەمریکا جارێکی تر بۆ حیزبەکەی راکێشێ بەتایبەتی کە کۆتایی سالی داهاتوو ماوەی کاری ئیدارەکەی تەواو دەبێ و هەلبژاردنی سەرۆکی نوێی ئەمریکا دەست پێ دەکا. چاوەروان دەکرێ ئەگەر پێشڤەچوونێکی جددی لە گۆرەپانی عێراق روونەدا ئەوە دیموکراتەکان دەیبەنەوە.

بۆیە هەر لە سەرەتای پرۆسەی عیراقەوە هەتا ئێستا ناوە ناوە ستراتیجیەتی ئیدارەکە بە جۆرێک گۆراوە. بۆ ئەمەش راپۆرتی دەوری وەزیری دەرەوەو وەزیری بەرگری و سەرکردەی هێزە چەکدارەکانی لە عیراق دەوری گرنگیان هەبووە لە پیا چوونەوە بە ستراتیجەکانیان. ئەمەو سەرەتای ئەمسال راپۆرتەکەی بێکەر– هاملتۆن بلاوکرایەوە، کە کە گەلی کورد

به راپۆرتێکی نێگەتیڤی لەقەلەمدا.
لە دوای بلاو بوونەوەی راپۆرتەکە سەرۆکی ئەمریکا بە ئاشکرا گوتی ئێمە بە تەنیا پشت بەم راپۆرتە نابەستین، بەلکو راپۆرتی شوێنەکانی تریش دەخوێنینەوە ئەنجا قەرار لەسەر ستراتیجیەتی نوێمان لە عیراق دەدەین. ئەم قسەیە کەمێ لە خەمی کوردی رەواندەوە.
تەجرەبەکانی رابردوو سەلماندی کە جۆرج بووش بۆچوونە تایبەتیەکانی خۆی پێ لە هەموو راپۆرتەکان گرنگترە هەرچەندە دەیەوێ سوود لە بیرو هەلسەنگاندنی جیاوازیش وەر بگرێ. هەروەها بەدیار کەوت کە جۆرج بوش کەسایەتیەکی زۆرتر پراکتیکیە ئەوەندە خۆی وابەستە بە پەیرەو کردنی تێکرای راسپاردەکانی راپۆرتان ناکات بەلکە بە گوێرەی رۆژ هەنگاوەکان دەنێ. مەبەستی ئەوەیە بەهەر نرخێک بێ هەندێ سەرکەوتن بەدەست بێنێ، وەک شانازیەک بۆ ناوبانگی ئەمریکاو کەسایەتی خۆی و بۆ حیزبەکەی کە حیزبی جەمهووریە.
رەفتارەکانی ئەمریکا ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەمریکا نازانێ چۆن لەم گێژاوە دەربازی بێت. ئەگەر بەم شێوەیە عیراق بەجێ بێلێ ئەوە زۆرتر بە شکست بە سەری دا دەشکێتەوە، چونکە دەبێتە مۆلگەی نەیارەکانی ئەمریکا بە قاعیدەو بە ئێرانەوە. ناوودەنگی ئەمریکاش دەکەوێتە مەترسیەوە. خۆ ئەگەر جۆرج بوش نیازی مانەوەی زۆرتری هێزەکانی لە عیراقدا هەبێ ئەوە دیموکراتەکان لە کۆنگرێس کوتکیان حازرەو لە دژی دەوەستنەوە و نایانەوێ پارە سەرف بکرێ بۆ ئەو مەبەستە. واتە کەوتۆتە ناوەراستی گێژاوی رووبارێکەوە زەحمەتی پەرینەوەکەی بۆ ئەوبەر هەر هەمان زەحمەتی گەرانەوەکەیەتی. بووش چەند جار ناچار بووە کە ڤیتۆ لە دژی دیموکراتەکان لە ناو کۆنگرێس بەکار بهێنێ، لەوە دەچێ لە داهاتووش هەر درێغی نەکات.
زانیاریە سەرەتاییەکان ئەوە نیشان دەدەن کە ئەم راپۆرتە داوای کشانەوەی بەپەلەی هێزە سەربازیەکانی ئەمریکا ناکات لە عیراقدا، ئەگەر کشانەوەش هەبێ وەک گێنەرال پاتریۆس دەلێ ئەوە لە سەرەتای بەهاری سالی داهاتوو دەست پێ دەکات. بەلام لەوە ناچێ لە سنووری چەند هەزارێک سەرباز تێپەر بکا وەک شتێکی رەمزی بۆ دلرازی کردنی دیموکراتەکان و هەندێک لە عیراقیەکان. لە باشترین حالەتدا پێشی هەلبژارنەکانی داهاتووی ئەمریکا کە لە کۆتایی 2008 ئەنجام دەدرێ ئەو 30000 سەربازەی کە پێشی نزیکەی سێ مانگ هاتبوونە عیراق بۆ پالپشتی پلانی ئەمنی نوێ رەوانیان دەکاتەوە.
ئەو کشانەوەیەش بەندە بە پێشڤەچوونەکانی باری ئەمنی کە تا رادەیەک لە ناوچەکانی رۆژئاوا وەک پاتریۆس دەلێ پێشکەوتنی بەرچاوی دەست هێناوە، دەیەوێ لە ناوچەکانی تریش هەندێ پێشڤەچوون هەبێ و پرۆسەی سیاسیش لەپالیا لەم چەقینە دەربازی بێ ئینجا ئەو سەربازانە وورده وورده دەکشێنێتەوە بۆ ئەوەی سەرنجی گەلی ئەمریکا بۆ ئەم پێشکەوتنانەی عیراق رابکێشن لە هەلبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کە لە تشرینی دووەمی 2008 ئەنجام دەدرێ. هێشتا ئەگەری ئەوە لە گۆرێ نیە کە ئەو130000 سەربازەی تر بکشێنەوە. دیارە ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە کاندیدی کۆماریەکان چانسی لە هەلبژاردنەوەی بۆ سەرکۆمار زیاد ببێ.
نووری مالیکی سەرۆک وەزیری عیراق لە بارێکدایە کە کەس حەسودی پێ نابات لە لایەک سەدریەکان و لەلایەک تەوافوق و لە لایەکی ترەوە ئەلعیراقیە یەک لە دوای یەک لە حکومەتەکەی مالکی کشانەوە بە رادەیەک لەسەر لێواری رووخانە، هەتا لێرەو لەوێ باس لە گۆرینی دەکرێ. بە حیسابی ئیدارەی ئەمریکی هەرچەندە نووری مالیکی سەرکەوتوو نەبووە بەلام جارێ بەدیلی نیە و ئەگەر هەر بەدیلێکێش دابنێن ئەوە لە مالیکی باشتری پێ ناکرێ لە بەر ئەو هەموو کۆت وپێوەندەی کە لەبەر دەمیەتی، بۆیە ناچارن کە چانسێکی تری پێ بدەن تا بارودۆخەکە باشتر پێ دەگا.
دەربارەی کێشەی کوردیش لەوە دەچێ داوای درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێکردنی ماددەی 140 بکرێ بۆ ماوەیەکی تر ئایا ماوەکە چەندە جارێ نەزانراوە، هەر وەک لە راپۆرتی بیکەر- هاملتۆنیش بە هەمان شێوە هاتبوو. پێشتریش بەرێز مەسعود بارزانی لە ووتەیەکا گوتبووی ئەگەر ماوە درێژکردنەوە پێویست بکا بۆ میکانیزمی جێ بەجێ کردنی ماددەکە ئەوە قەیناکە. نزیکترین لێدوانی سەرۆک کۆماری عیراقش مام جەلال داوای ئەوە دەکا کە ماددەی 140 دەبێ بە لە سەرەخۆیی جێ بە جێ بکرێ و پەلە نەکەین، ئەم گووتانە لەم وەختە بەخۆرا ناکرێ ئەگەر چاوسوورکردنەوەیەکی ئەمریکایان

**پێنەگەیشتبێ. ئەمە مانای ئەوەیە لەم ستراتیجیە نوێیەی ئەمریکادا تەرازووی هێزەکان چیدی بە قازانجی کورد نەماوە بۆیە کوردیش ناچارە لەگەل ئەم ستراتیجیەتە نوێیە پاشەکشە بکات و لەگەلی بڕوات، یان لانی کەم ماوەی جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە درێژ بکاتەوە بۆ ماوەیەکی تر.**

**دەسکاری کردنی دەستوور لەوانە مەسەلەی دارشتنی یاسای نەوت و ڕیشەکێشکردنی بەعس، هەروەها هەرێمە فیدرالیاکان و دەسەلاتەکانیان، مەسەلەی ئاشتەوایی نیشتیمانی و بەهێزکردنی ریزەکانی پۆلیس و سوپای عیراق حەتمەن خالی گرنگی ناو راپۆرتەکە دەبن.**

**پێویستە بگوترێ کە لێژنەیەکی سەربەخۆ لە ئیدارەکەی بووش راپۆرتێکی گەشبینی پێشکەش نەکردووە بۆ ئیدارەکەی بەوەی کە تەنیا 3 ئامانج لە 18 ئامانجە گرنگەکانی ئیدارەی بووش داینابوو لە عیراق جێبەجێ کراوە.**

**ئەم سەردانە لە ناکاوەی بووش و ئیدارەکەی بۆ رۆژئاوای عیراق ئەوەی سەلماند کە بووش هێشتا سوورە لەسەر هەمان ستراتیجیەتی هێشتنەوەی هێزەکان ئەلبەت بە گۆرانکاریەوە و لەسەر بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بەردەوامە. ئەم سەردانەی بۆ ئەوە بوو تا لە بەرامبەر بیروڕای دیموکراتەکان و بەرامبەر دۆست و دوژمنەکانی لە عیراق بیسەلمێنێ کە سیاسەتی دژی تیرۆر بۆ ماوەیەکی تریش هەتا سەرکەوتن هەر درێژەی دەبێ، هەروەها نامەیەکی بەهێزیشە بۆ سەرکردەکانی کوردو عیراق کە کارێک نەکەن پرۆسەی سیاسی لە عیراق پەکی بکەوێ.**

**لێرەدا پرسیارێکی گەورە قوت دەبێتەوە، ئایا هەلوێستی سەرکردایەتی کورد چی دەبێ ئەگەر ئەم راپۆرتە نوێیە بە قازانجی کورد نەشکایەوە؟ ئایا هەر وەک راپۆرتی بیکەر هاملتۆن هەلوێستی جیا جیا وەردەگرن؟ یەکێ بلێ زۆر خراپەو ئەوی تر بلێ خالی ئیجابی زۆری تیایەو هەش بێ هەروەک جەنابی د. بەرهەم سالح کە چاوەروان نەدەکرا بە راپۆرتەکەی بیکەر- هاملتۆن بلێ راپۆرتێکی هاوسەنگە!!**

**گوایە وەفدێکی کوردی لە واشنتنە. لەوە دەچێ بیروڕای کوردی بە واشنتن راگەیەنن. ئەمەیان کارێکی باشە بەلام جگە لەمە کورد پێویستە ئامادەکاری زۆرتر وەرگرێ نەوەک وەزعەکە بەرەو ئاقارێکی نەخوازراو بڕوات.**

**پێم وایە ئەم مانگە زۆرگرنگە بۆ چارەنووسی گەلی کورد. چونکە لەلایەک راپۆرتی پاتریۆس- کرۆکەر لە ناوەراستی ئەم مانگە پێشکەش بە ئیدارەی بوش دەکرێ بۆ دارشتنی ستراتیجیەتێکی نوێ لە عیراقدا و لەلایەکی تر مەودای جێبەجێکردنی ماددەی 140 کە لە کۆتایی ئەمسال 2007 دەبێ کۆتایی بێ کە مافەکانی کوردی تیا چرکراوەتەوە، ئەمەو بارودۆخی سنوورەکانی کوردستان بەرەو ئالۆزی دەڕوات، تۆپبارانەکانی ئێران وتورکیا بۆ سنوورەکان وکارەساتەکانی بە کۆمەل کوشتنی کورد کە لە شەنگال و کەرکوک و ناوچەکانی گەرمیان بەردەوامیان هەیە.**

**ئەوانە هەموو هۆکارن کە دەبێ گەلی کورد بە جددی بە خۆی دا بچێتەوە و خۆی بەرامبەر گۆرانکاری و ئەگەرە نوێیەکان ئامادە بکا. بەلام ئایا سیاسەتی سەرکردیەتی کورد خۆسازاندنە لەگەل ستراتیجیەتی نوێی ئەمریکا یان پلانی ستراتیجی خۆی هەیە؟ ئەزموونەکانی رابردوو ئەوە دەسەلمێنێ کە سەرکردایەتی کورد لە بەرامبەر ئەگەرە جیاوازەکان هیچ پلانێکی ئەوتۆی نیە بەلکو چاوەروانی مەرحەمەتی خوا و ئەمریکا دەکا.**

2007-09-08